# چەند زانیارییەک لەسەر تەبلێتی ویکی پەد

تەبلێـــت لەم دواییەدا وەك نوێترین ئامرازی دیجیتالی تەکنەلۆژیای ســـەردەم لایەنگر و ئۆگرێکی زۆری هەیـــە لە جیهاندا، چونکە جگە لەوە کێشـــیان کەمە و هەڵگرتنیان ئاســـانە، توانـــای کردنەوەی زۆربەی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و ئەنجامدانی هەزاران یاری ئەلکترۆنی و کردنەوەی ســـایتەکان لەودا بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت.

ئەنجامدانی یاریی ئەلکترۆنی بەهۆی تەبلێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە نە پایەیەکی هەیە بۆ دانان و نە ماوس و دەسکی گەمەی تایبەت بەخۆی هەیە، تا رادەیەك دژوارە، بەڵام تەبلێتی (ویکی پەد) لە گشت تەبلێتێکی دیکە جیاوازە، چونکە تەبلێتەکە هەر تایبەت بە گەمەکردنە. شاشـــەی تەبلێتی ناوبراو 10 ئینجە و ئامێری تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی یارییە ئەلکترۆنییەکان لەملاو لەولای تەبلێتەکە هەیە. کێشـــی تەنیا 560 گرامە. چەند سپیکەرێکی بەهێزی هەیە، رامەکەی یەك گیگابایتە و هاردی ناوخۆی 32 گیگابایتە. کامێرایەکی 8 میگاپیکســـیلی لە پشـــتەوەیە و کامێرایەکی 2 میگاپیکسیلیشـــی لە پێشـــەوەیە. لە هەمووی گرنگتر کۆنترۆڵەکانی تایبەت بەگەمەکردن لە تەبلێتەکە جیادەبێتەوە و تەبلێتەکە وەك تەبلێتێکی نۆرماڵی لێدێت.

## گیگابایت و نوێترین ئولترابوک



هێشـــتا ویندۆز8ی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئەوەندە جێگیر نەبووە، بەڵام بەر لە بڵاوبوونەوەی و دوای بڵاوبوونەوەشـــی بە سەدان ئامێر و بە هەزاران پرۆگرامی تایبەت بەو ویندۆزە بەرهەم هاتوون، نوێترین ئامێری تایبەت بە ویندۆز8 کە لەلایەن کۆمپانیای گیگابایتەوە بەرهەم هاتـــووە، ئولترابوکـــی U2142یە، بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن: شاشەکەی 11.6 ئینجـــە، کوالیتیەکەی مامناوەندییە، 180 پلـــە بە دەوری خۆیدا دەســـوورێتەوە. جگە لەوەش دەکرێت ئولترابوکەکە بە جۆرێك دابنێی کە بەشێوەی تەبلێتـــی لێبێت، رامەکـــەی زۆر بەهێزە واتە 16 گیگابایتـــە، جگە هارددیســـکەکەی 1 ترابایتە، سیستەمی پەیوەندی وایەرلەیسی WiFi و بلوتوسی 4، تۆڕی ئەنتەرنێـــت G3، کێبڵی HDMI و USB3 هەیە.

## ماوسێکی زۆر تایبەت بۆ لاپتۆپ



هەرچەنـــدە لاپتـــۆپ تاچ پـــەد واتە (تەختەی لەمسی) هەیە و کەمتر پێویستی بە ماوسە، بەڵام لە زۆر ئەرك وکاردا پێویستت بەماوس دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەسەر لاپتۆپ کار بکەیت و کاری گرافیکی یان دیزاین و گەمە بکەیت (تاچ پەد)ی لاپتۆپ وەڵامدانەوەی ئەوەی نییە. هەرچەندە ماوســـیش زۆر بە ســـوودە، بەڵام جـــار هەیە مێز نییە، یان مێزەکەت ئەوەندە بچووکە کە شـــوێنی ماوسەکە نابێتەوە، لەکاتێکی وادا ماوس بەکارنەهێنانەکەی باشـــترە، بەڵام کۆمپانیای Frank guo بەم دواییە ماوســـێکی نوێی بەرهـــەم هێناوە کە لەم بوارەدا زۆر گونجاوە، ماوســـی Clip mouse به ئاسانی لە گۆشەیەکی لاپتۆپەکەدا جێگیر دەبێت و جووڵە ناکات، پشـــتی ماوسەکە دەبێتە تەختەیەکی لەمســـی وەك هی لاپتۆپەکەت بەڵام بەکارهێنانی ئاسانترە.




# وێنەکانی سەر کامێرا به‌ ئاسانی بۆ تەبلێت بگوازنەوە

کامێرا دیجیتالییەکان هەرچەندە گشتیان کێبڵی تایبەتیان هەیە بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و ئامێرەکانی دیکە، بەڵام بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئاسانکاری زیاتر بۆ گواستنەوەی وێنەکان لە سەر کامێراوە بۆ لاپتۆپ یان تەبلێت، ستاندێکی دیجیتالی نوێیان بەرهەم هێناوە. کاری سەرەکیی ستاندەکە کۆنترۆڵ کردن و پەیوەندیی دامەزراندن لە رێگای دوورەوەیە، بەهۆی ئەوەوە دەتوانیت بەبێ ئەوەی کە لەنێوان کامێراو تەبلێتدا هیچ پەیوەندییەکی کێبڵی هەبێت، تەنیا بەهۆی وایەرلەیسەوە پەیوەندی دابمەزرێت. ئامێرەکە هەم ریمۆت کۆنترۆڵی لەگەڵدایە و هەم بلوتوس، بەهۆی ئەوانەوە ئەرکی گواستنەوەی وێنەکان ئەنجام دەدرێن. دوو رەنگی سپی و رەساسیان هەیە.

# به‌ مۆبایلەکەت وەڵامی زەنگی دەرگا بدەوە




ئەو ئامێرانەی کە تایبەتن بە دەرگا کردنەوە و بەهۆی کارەباوە دەرگا دەکەنەوە، مرۆڤی ئەم سەردەمەی هێندەی تر خاوتر و سستر کردووەو وای کردووە کە بۆ کردنەوەی دەرگاش زەحمەت نەکێشین و خۆمان ماندوو نەکەین، هەرچەندە بڵێم بەخۆشییەوە لەم هەرێمەدا کەمتر سوودی لێدەبیندرێت. ئێستا ئامێری کردنەوەی دەرگای زۆر پێشکەوتووتر هاتۆتە بەرهەم کە لەگەڵ مۆبایلی ماڵەوە پەیوەند دەدرێت و ئامێری Doorbot ئامێرێکی کردنەوەی دەرگایە وەك ئامێرە پێشکەوتووەکان وێنەی ئەو کەسە نیشان دەدات کە لە پشت دەرگایە، بەڵام ئەوەندە هەیە کاتێك ئەوەی زەنگ لێدەدات، زەنگەکە بۆ مۆبایلی خاوەن ماڵ دەڕوات و دەتوانیت هەر بە مۆبایلەکەت دەرگاکە بکەیەوە یان لەگەڵ ئەو کەسەی لە پشت دەرگایە قسە بکەیت. ئامێرەکە بۆ ئەو کەسانە سوودمەندە کە مەترسی ئەمنییەتی گیانی خۆیان دەکەن، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر لەماڵەوەش نەبیت و چەندین کیلۆمەتر لە ماڵەوە دووربیت، دیسان زەنگەکە بۆ مۆبایلەکەت دێت و دەکرێت وەڵامی بدەیەوە و قسەی لەگەڵدا بکەیت. خاڵی جێگای سەرنج لەوەدایە کە کامێرای ئامێرەکە لە شەوی تاریکیشدا هەر وێنە نیشان دەدات.




# گەشت لە ئینتەرنێتدا بە ریمۆت کۆنترۆڵی سیحری

تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان واتە Smart TV توانیویانە لە زۆر بواردا شوێنی کۆمپیوتەری سەرمێز لەماڵدا بگرنەوە، چونکە زۆر پرۆگرام دەخوێننەوە و لە هەمووشی گرنگتر بەئاسانی دەتوانیت بەهۆیانەوە سەیری ئەنتەرنێت بکەیت. کۆمپانیای LG لە تەلەڤزیۆنە هۆشمەندە نوێییەکانیدا توانای گەڕان لە ئینتەرنێتدا بە تەلەڤزیۆنەکانەوە زیاد کردووە، بەڵام بەبێ ریمۆت کۆنترۆڵی جادووی واتە magic remote control گەڕان لە ئینتەرنێت بەهۆی تەلەڤزیۆنەوە ئەو چێژەی نییە. ریمۆت کۆنترۆڵەکە بەهۆی بلوتوسەوە بە تەلەڤزیۆنەکانەوە پەیوەند دەدرێت بۆیە لە هەر گۆشەیەك بیت و تەنانەت تیڤیەکەشت لێ دیار نەبێت، دەتوانیت ئەرکەکانی پێ ئەنجام بدەیت. لەو ریمۆت کۆنترۆڵەدا وەك ماوس دوگمەی Scroll واتە ئەو تۆپەی کەوتۆتە ناوەندی ماوس هەیە بۆ ئاسانکاری گەڕان لە پەیجەکانی ئەنتەرنێتدا. لەم ریمۆت کۆنترۆڵەکدا جوڵەی سیحری هەیە، واتە بە جوڵانێکی سادە دەتوانیت کەناڵەکان بگۆڕیت، لەم ریمۆت کۆنترۆڵەدا ناسینی دەنگ هەیە، واتە بە دەنگی خۆت فەرمان بکەیت کە کەناڵەکان بگۆڕێت، یان دەنگ کەم وزیاد بکات، یان ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی دیکە.


## کۆمپیوتەرەک



به گشـــتگیربوونی مۆبایـــل پەیوەنـــدی زۆر ئاســـان بووە، به جۆرێـــك که ئێســـتا کەم کەســـە هەیە لە تەلەفۆنـــی نۆرماڵ ســـوود وەرگرێـــت، بـــەڵام زۆر کەس هەیە ئەوەنـــدەی لەســـەر کۆمپیوتـــەرە کـــە ئـــارەزوو دەکات



## سایتێک سایتەکان پێچەوانە دەکاتەوە



جیهانـــی ئەنتەرنێـــت لە کەشـــکۆڵێکی جادوویی یان لـــە هەنبانە بۆرینەیەك دەچێت ئەوەی مەبەســـتت بێت، دەتوانیـــت بەدوایدا بگەڕێیـــت و بیدۆزیەوە، لـــە گەڕان بەدوای کاردا، لە فێربوونی هەر زانستێك کە مەبەستت بێت، لە وەرگرتنی نوێترین هەواڵ و زانیاری، پسپۆرێکی بەشی ئایتی دەڵێت، ئەگەر تەنیا ئەنتەرنێت لە سەدەی 19دا هاتبا پێش ئێستا لە هەزارەی سێهەمدا دەبووین، واتە بەو ماوە کەمەی ئەنتەرنێت بۆتە گشتگیر و جیهانی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشـــکەوتنی سەدان ســـاڵەی بەخۆیـــەوە دیوە، هەر ســـایتێك بە مانای ماڵێکە لە شاری جیهانی ئەنتەرنێتدا، هەر ماڵە و خاوەنـــی بیرۆکە و بیرکردنەوەی خۆیەتـــی، هەمـــوو ســـایتەکانی ئەنتەرنێت سوودمەند نین، بگرە سایتە زیانبەخشەکانیش زۆرن، ئەو ســـایتانەی کە نە زیانیان هەیە و نە سوود ئەوانیش گەلێکن، وەك ئەو سایتەی کە لێرەدا دەیناسێنین. ســـایتی http://r-flectthis.com/ سایتێکە کە کار و ئەرکی سایتەکە تەنیا ئەوەندەیە کە سایتەکان پێچەوانە نیشان دا، کاتێك سایتەکەت کردەوە، ئەدرەسی ئەو ســـایتەی کە نیازتە بە پێچەوانە ببینی لە بۆکســـی گەڕانی ئەو سایتەدا دەنووسیت و دواتر سایتەکە ئەو ســـایتەی مەبەستە بە پێچەوانە بۆت دەکاتەوە، واتە سەراوژوور، بۆ تاقیکردنەوەش بێت سەرێك لەو سایتە بدەن.

## پرۆگرامێک بۆ جوانترکردنی وێنە و چوارچێوەدانان



وێنـــەی دیجیتالـــی تایبەتمەندییەکـــەی ئەوەیە کە دەکرێت بە ویســـتی خۆت دەســـتکاری بکەیت، گۆڕانکاری لە گشت وێنەکەدا پێکبێنیت، جوانکاری تێـــدا بکەیت...تـــاد. زۆر پرۆگرام هەن کـــە ئەرکیان دەستکاری و جوانکاری کردنی وێنەیە وەك فۆتۆشۆپ و پرۆگرامە هاوشێوەکانی ئەو.. بەڵام ئەوانەی کە زۆر لە کاروباری کۆمپیوتەر شارەزانین و بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ ئاشنا نین، دەزانن ئەو پرۆگرامە بەکارهێنانەکەی بۆ کەسانی ناشـــارەزا دژوارە. هەر لەوکاتەدا پرۆگرامگەلێکیش هەن کە چۆنییەتی بەکارهێنانیان زۆر ئاسانە، وەك پرۆگرامی Ph-toShine. پرۆگرامەکـــە زۆر بەهێزە بۆ دانانی وێنەکان لە چوارچێوەی زۆر جوان و ســـەرنجڕاکێش، لەراســـتیدا پرۆگرامی ناوبراو زیاتر ئەرکی کولاژ ئەنجام دەدات، پرۆگرامەکە ستایلی زۆر تایبەتی تێدایە وەك: کچانە، منداڵانە، تایبەت بە گۆڤار، سروشـــت، ئەویندارانە و رۆژمێر و...تاد. بەگشـــتی 700 چوارچێوەی تێدایە. بە کورتی هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

- پشتیوانیی کردن لە هەموو فۆرماتێکی وێنە.
- چوارچێوەی گرافیکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش.
- خاوەنی 9 بابەتی لە چوارچێوەی کچانە، ئەویندارانە، منداڵانە، کارتۆن، سروشت، رۆژمێر.تاد.

## پرینتەرێک بەبێ



رەنگە مانشێتەکە بۆ ئەوانەی شارەزای کارکردن بە پرینتەرن جێگای سەرسوڕمان بێت، چۆن دەکرێت پرینتەرێك وایەر و مەرەکەبی نەبێت؟! ئەرکی پرینتەر ئەوەیە کە ئەو داتایانەی لەسەر کۆمپیوتەرن بەهۆی مەرەکەبەوە بگوازێتەوە بۆ سەر کاغەز. زۆربەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم کامێرای دیجیتالیان هەیە، وەك مۆبایل، تەبلێت، لاپتۆپ و خودی کامێـــرای دیجیتالی، پرینتەرە بـــێ مەرەکەب و وایەرەکە

## ـــــەت بكه به تەلەفۆن

پرۆگرامێك هەبا كە لەكاتی پێویستدا وەك مۆبایل سوودت لێوەرگرتبا و هەر لە كۆمپیوتەرەكەوە پەیوەندیت بە هاورێیانەوە كردبا، هەرچەندە پرۆگرامەكانی هاوشێوەی سكایپی و مسنجەری یاهوو و فەیسبووك بەشێكن لەم شێوەیە، بەڵام بەهۆی ئەوانەوە نازانین كە ئەوەی مەبەستمانە لەسەر هێڵە یان نا؟ پرۆگرامی NCH Express Talk خۆزیای ئەوانە دێنێتە دی كە دەیانهەوێ بە كۆمپیوتەرەكەیان پەیوەندی تەلەفۆنیان هەبێت.


ئەم پرۆگرامە كۆمپیوتەرەكەتان دەكاتە سیستەمی تەلەفۆن یان فەكس. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی و بێ گرفت دەتوانی پەیوەندی لە نێوان ئەو كۆمپیوتەرانە دابمەزرێنی كە ئەو سیستەمەیان لەسەرە. هەر كەسێك لە هاورێیانتان كە ئەو پرۆگرامەی دانابێتە سەر كۆمپیوتەر یا مۆبایلەكەی بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ دەگیرێت، جگە لەوەش دەكرێت تەواوی ئەو قسانە تۆمار بكرێن كە لە پەیوەندییەكەدا هەتان بووە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرانی بەڕێز زۆر جاران باس لە بیرچوونەوەی پەسۆرد واتە كۆدی نهێنی خۆیان دەكەن بەتایبەتی لە فەیسبووكدا، ئەوكات نازانن بۆ دۆزینەوەی پەسۆردەكانیان چ هەنگاوێك هەڵبگرن، خوێنەرێك دەپرسێت بۆ ئەو كاتانەی كە پەسۆردەكەم لەبیرنامێنێت چ بكەم؟

خوێنەری بەڕێز، لەناو ئەو سایتانەی كە بۆ چوونە ناو سایتەكە پێویستی بە user name و password ە، هیچ سایتێك وەك سایتی فەیسبووك ئاسانكاری دانەناوە، لەو سایتەدا زۆر رێگا هەن بۆ ئەو كاتانەی پەسۆردەكەت لەبیردەچێتەوە یان فەیسبووكەكەت هاك دەكرێت، باشترین رێگا ئەوەیە كە لە بەشی account sittings دا ئەو شوێنەی كە وشەی mobile نووسیوە كلیك بكە و دواتر داوای ژمارەی مۆبایلەكەت لێدەكات، مۆبایلەكەت چ ئاسیا بێت یان كۆرەك دەبێت بە كۆدی وڵاتەكەوە بنووسی واتە 00964750**** ئیدی دوای ئەوە كۆدێك بۆ مۆبایلەكەت دێت، كۆدەكە لە شوێنی خۆی بنووسە، ئیدی دوای ئەوە هەر گرفتێك بۆ فەیسبووكەكەت بێتە پێش دەتوانی بەهۆی مۆبایلەكەتەوە چارەسەری بكەیت، شێوازێكی دیكە ئەوەیە كە لە شوێنێكی تایبەتدا كە هەر لەبەشی ئەكاونت سیتینگدایە دەتوانیت ناوی دوو هاورێی جێگای دڵنیای خۆت بنووسیت، هەركاتێك تووشی گرفت هات، فەیسبووك داوای ئەو دوو هاورێیەت لێدەكات و پەسۆردەكەت بۆ فەیسبووكی ئەو دوو هاورێیەت دەنێرێت.



## گەیمپاد ئامێرێک بۆ یاری ئەلکترۆنی

جیهانی یاری ئەلكترۆنی لە جیهانی تەكنەلۆژیای نوێدا شوێنێكی تایبەتی هەیە، كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی پرۆگرام و ئامێری تایبەت بە گەمەكردن هەر رۆژە هەوڵدەدەن ئامێرێكی نوێ و گەیمێكی نوێ بەرهەم بێنن، هەرچەندە لەلای ئێمە جگە لەوانەی تەمەنیان لە خوارێیە واتە منداڵان و هەرزەكاران تەمەنی بەرەو سەرتر بە شەرم دەزانێت كە یاری ئەلكترۆنی بكات، ئەگەرچی یاری ئەلكترۆنی هی تەمەنێكی دیاریكراو نییە و بگرە یارمەتیدەرێكی مێشكە بۆ زیندووكردنەوەی خانە مردووەكان..

لەم دواییەدا كۆمپانیای Archos بەرهەمێكی نوێی لە ئامێری تایبەت بە گەمەكردن بەرهەم هێنا، ئەویش ئامێری Gampadە. ئامێرەكە لە راستیدا تەبلێتێكە كە تایبەتە بە گەمەكردن، هەرچەندە ئەركی دیكەش ئەنجام دەدات، بەڵام كاری سەرەكی تەبلێتەكە ئەنجامدانی یاری ئەلكترۆنییە. تەبلێتەكە شاشەكەی 7 ئینجە، دوو پرۆسیسەری هەیە. خێراییەكەی 6 گیگایە، سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەسەرە، میمۆری ناوخۆی 8 گیگابایتە. گشت كێبڵێكی پەیوەندی لەگەڵدایە.

## وایەر و مەرەکەب

تایبەتە بە چاپكردنی وێنەی سەر ئامێرە دیجیتالییەكان، ئەم پرینتەرە كە بە Photo cube WiFi بەشێوەی وایەرلەیس لەگەڵ ئامێرە دیجیتالییەكان پەیوەند دەدرێت و وێنەكان لەسەر كاغەزێكی تایبەت كە مەرەكەبی ناوێت چاپ دەبن، ئامێرەكانی كۆمپانیای ئەپل راستەوخۆ لەسەر ئەو ئامێرە جیگیر دەبن چونكە شوێنی دانانی ئامێرەكانی هەیە، كاغەزە تایبەتییەكانی پرینتەری ناوبراو لە كریستالی رەنگی پێكهاتوون، ئامێرێك لە شێوەی ئامێری كامێرای كوداكی سەدەی رابردوو.

